# ناسیۆنالیزم و زمان و دەوڵەت لای ئەحمەدی خانی

محمد عمر ابراهيم
ماجیستێر لە زمان و ئەدەبی کوردی

## پێشەکی

باسکردنی هەر چەمکێك لە چەمکەکانی ئەدەب بێگومان کارێکە ئاسان نییە، بەڵکو خوێندنەوە و تێڕوانینی جیاوازی دەوێ ، تاوەکو کەمێك تێ دەگەی، ئەدەبیش بۆشاییەکی زۆری خەڵکی پڕکردووتەوە لایەنێکی گرنگی ژیانیشە، خزمەتێکی زۆریشی بە هەموو میللەتانی جیهان کردووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەزۆربەی کایەکانی ژیاندا.

یەکێکە لەو چەمکانەی کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئەدەبەوە کە پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە ،ئەویش مەسەلەی نەتەوەو زمان و دەوڵەتە،کەلەشێعری شاعیراندا زۆرگرنگی پێدراوە و دەبینرێت.

**٠ ـ ١ ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەروەکو لەناونیشانەکەیەوە دیارە(ناسیۆنالیزم و زمان و دەوڵەت لای ئەحمەدی خانی) هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە بۆخستنەڕووی لایەنی نەتەوایەتی لای خانی کەبەشێوەیەکی بەرچاو لەشێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**٠ ـ ٢ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هەرجەندە کۆمەڵێك توێژینەوە کراون لەسەر چەند لایەنێکی خانی لەناویشیاندا لایەنی نەتەوایەتی ،بەلام ئاوڕی جدی لێنەدراوەتەوە،لەکاتێکدا هەستی نەتەوایەتی بەشێکی زۆری لەشێعرەکانی داگیر کردوە.

**٠ ـ ٣ سنوری توێژینەوەکە:**

لە دیوانی ئەحمەدی خانیدا، تەنیا ئەو شیعرانە وەرگیراون، کە ڕەهەندی سیاسییان هەیە و تەواوی ئەو شیعرانەی کە ناوەڕۆکی سیاسی تێدا بەدی ناکرێت، فەرامۆش کراون و نمونەی شیعری لێ وەرنەگیراون.

**٠ ـ ٤ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی تیۆری و پراکتیکییە و لەزۆر شوێنیش توانیومانە نمونەی شێعری بۆبابەتەکە بخەینە ڕوو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆتاكەكانی هەركۆمەڵگەیەك گرنگی و تایبەت مەندی خۆی هەیە،بەتایبەت لای نوسەروو شاعیرانمان لەناویشیاندا ئەحمەدی خانی.

**٦ـ١ گرنگی دەوڵەت و دەسەڵات لەبیری ئەحمەدی خانیدا؛**

ئەگەر باس لە بنەما سەرەكیەكانی دەوڵەت بكرێت، دیارە دەسەڵات یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكان، چونكە دەوڵەت بێ هەبوونی كەسانێك وەك سەرۆك و دەسەڵات ڕاپەڕاندن هیچ مانایەكی نی یە، خانی بە لێهاتوی خۆی دەركی بە كاریگەری بوونی بنەماكانی دەوڵەتداری كردووەو بە ئەزمون و شارەزای خۆی كەباسی لەبوونی دەوڵەت یان میرنشینێكی خۆماڵی دەكات، دەسەڵاتی سیاسی بەسەرچاوەیەكی سەرەكی هێنانەدی ئەو ئامانجانە دەزانێت،هەروەك لە زۆر  هۆنراوەدا ئاماژەی بۆ بوونی سەركردەیەكی دڵسۆز و دادگەر دەكات، كە بتوانێت بەرگری لەماف خەڵك و سنوری جوگرافیای كوردستان بكات و ببێتە فریاد رەسی نەتەوەكەی بۆ ڕزگار بوونی لەدەست زوڵم و داگیركەری بێگانە، یەگرتووی و یەكێتی بەبەنەمایەكی سەرەكی ئەو ئامانجانە دەزانێت هەروەك دەڵێت :

گەردێ هەبوامە ئیتیفاقەك
ڤێكرا بكرا مە ئنقیادەك
ڕۆم و عەرەب و عەجەب تەمامی
هەمیان ژ مەرا دكر غولامی
تەكمیل د كرمە دین و دەوڵەت
تەحصیل دكر مە علم و حیكمەت
تەمیز و بوون خودان كەمالات [٣٢]

خانی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات ئەگەر گەلی كورد هاوڕابان و ناكۆكی و ململانێ لە نێوانیاندا نەبوایە لەسەر بابەتە چارەنوس سازەكان پێكەوە ڕابەرایەتی خۆمان بكردایە،ئەوا تەواوی میللەتانی (ڕۆم و عەجەم و عەرەب) پێكەوە دەبوونە غوڵامی كورد و دەوڵەتی كوردی دادەمەزراند، هەروەها كورد دەبۆیە خاوەن زانست و عیلم و مەعریفەت و فەلسەفە و حیكمەت.

خانی كە باسی دەوڵەت دەكات دوو بۆ چونی ناكۆك پێشكەش دەكات، جارێك ویستی خودییە و،كە گەلانی دی باڵا دەست كردووە كوردی بێ بەش و ماف خوراو كردووە،وێنەی ئاوەژوو پێچەوانە كە ویستی یەكگرتن و یەكگرتنەوەیە، كە لەناو گەلێكدا نادیار و بزر و شاراوەیە، بەڵام ئەگەر ویستی یەكگرتنەوە لە دایك بێت ئەوا دەوڵەت مسۆگەرە و گەل بەمافی خۆی دەگات.

خانی مەینەتی كورد لە نەبوونی دەوڵەتدا دەبینێتەوە و دەڵێت :

لەو پێكڤە هەمیشە بێ تفاقن
دائیم ب تەمە روود و شیقاقن
گەردی هەبوایە مە ئیتیفاقەك
ڤێكرا بكرا ب كرا مە ئیتیفاقەك [٣٣]

---

[٣٢] عیزدین مستەفا رسول،دیوانی ئەحمەدی خانی،ل٥٢ .


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

واتا خانی لێرەدا سەری سوردەمێنێ لە کاری کردگار دەپرسێ بۆ دەبێ کورد دەوڵەتی نەبێ؟ هەر خۆشی وەڵامی خۆی داواتەوە و دەڵێ گەر ئێمە خۆمان ڕێکەوتنێك نی یە لەنێوانماندا دەنا هەموو بنەماکانی بوونی دەوڵەتمان تیایدایە ،بەڵام بەدبەختی کورد وای کردووە بێ دەوڵەت و بەش مەینەت بێت.

لەلایەکی ترەوە خانی چەند هۆکارێکی تری سیاسی بۆنەبونی دەوڵەت لەلایەن دوژمنان دەگێڕێتەوە کە دەڵێت:

ئەڤ رۆم و عەجەم ب وان دەسارن

کرمانج هەمی ل چار کنارن

هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج

بۆ تیری قەزا کرنیە ئارمانج [٣٤]

واتا خانی بە ڕوونی باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە کورد ئەو ژێر دەستەیەی کە بەسەری دا هاتووە ،لە فارس و عەرەب و تورك ،لە هەموولایەك کوردیان دەورەداوە ،وەکو حەسارێك وان بۆ کورد هەرکاتێ کورد خاوەنی هەر سوپا و هۆز و قبیلەیەك بووە و بوژاوەتەوە خێرا ئەو هێزانە دایان بەزاندۆتەوە و کوردیان کردووە بە نیشانەی تیرەکانیان

خانی کە باسی دامەزراندنی دەوڵەت دەکات  ڕێگە چارەی گەیشتنە ئامانج پشت گوێ ناخات ،چونکە بەتاقە ڕێگەی گەیشتنە مەبەست دەزانی کە لێرەدا (شیر) مەبەستی چەك و سوپایە بەڕێگای پاراستن و سوپاو چەك نەتەوەکەی دەتوانێ بگات بە ئامانج، کە لە مەم و زینەکەی دا بە شاکارە هونەریەکانی دەری بڕیوە .

خانی لەباسی دروست بوونی دەوڵەتدا باسی سەرکردە دەکات و پێشی وایە ئەگەر کورد سەرکردەی هەبووایە ،ئێستا خاوەنی دەوڵەت و ئاڵای خۆی دەبوو، گەر سەیری بارودۆخی کورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە لەئەنجامی بێ سەرکردەیی توشی ئاوارەیی پەروتەوازەیی بووین هەروەکو شاعیر دەڵێت :

گەر دێ مە هەبوایە مە پاد شاهەك

لایق بدیا خودی کولا هەك

تەعین ببوا ژ بووی تەختەك

زاهر ڤە دبوو ژ بومە بەختەك

حاصل ببوا ژ بووی تاجەك

ئەلبەتە د بوو مە ژی رەوا جەك

غەمخواری دکر ل مەیەتیمان

تینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان[٣٥]

واتە ئەگەر ئێمە پاشایەکمان هەبوایە،خۆی بە شایەن و تەختی بزانیبایە،ئەوا ئێمە ڕەواجێکمان دەبوو،غەمخۆرشی لە ئێمە دەکرد ،ئێمەی لە دەست دوژمنان دەردەهێنا.

[٣٣] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،دیوانی ئەحمەدی خانی ، سلێمانی ٢٠٠٨، ل٥٤ .

[٣٤] نەجات عبداللە، دیوانی ئەحمەدی خانی(مەم و زین )، ل٢١٢ ..

[٣٥] دیوانی ئەحمەدی خانی (مەم و زین) ،ل٥١ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خانی به بیره ناسۆ نالیزمی یه کوردیەکەی باسی یەکڕیزی و تەبای میلەتەکەی دەکات،کورد بەشایەنی دروست بوونی دەوڵەت دەزانێ چونکه هەموو هەل و مەرجەکانی بوون به دەوڵەتی تیایدایه ،چونکه ئەو گەلەی که دەوڵەتی نیه هەمیشه ئاواره و دەربەدەره.

خانی هزری ئیمپراتۆریەتی کوردی کردووه ،ئەگەر ئەو بیرەی خانی که بیری لێ دەکردەوه جێ بەجێ ببایه،ئەوا میللەتی کورد خاوەنی ئیمپراتۆریەتی خۆی دەبوو.

خانی له مەم و زینەکەی دا توانیوویەتی ئەوەی له هزری دایه بیکاته وشەو بیخاته سەر دیوانی پر جەوهەری نەتەوایەتی یه کوردیەکەی و له (مەم و زین) دا توانیویەتی گشت لایەنەکانی دروست بوونی (دەوڵەتی نەتەوەی،دەوڵەتی ئاینی،بێ ترسان له دوژمن دەر ببڕێ و وەڵامی ئەو کەسانه بداتەوه که کورد بەبێ مەعریفەت و نەزان له قەڵەم دەدەن .

دا خەلق نه یێژن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد [٣٦]

خانی لێرەدا ئاماژەیەکی گرنگ بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی دەکات که کورد خامەی هەیه، بەڵام سوپای نی یه کەواته گەر سوپا هەبا دەوڵەت پایەداره و بوونی هەیه دەنا دەوڵەتی کوردی بەبێ سوپایەکی یەکگرتووی نیشتیمانی دروست نابێت.

ئەمه بەکورتی لەسەر بیر و تێڕوانینی خانی بۆ زمان و دەوڵەت و ئاڵا، لەبەرئەوەی بیری خانی لەسەر بابەتی نەتەوەیی زۆر فراوانه و زیاتر هەڵدەگرێت.

---

[٣٦] مامۆستا جەعفەر، مێژووی بیری کورد، سلێمانی -٢٠٠٩، ل٢٠٢ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجام**

**لەکۆتایی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجام و ڕاستیانەی خوارەوە:**

**١. سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی لەشیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمدی خانی چونکە پێش ئەم شاعیرە هیچ دەقێکی شیعریمان لەبەردەست نیە کەبیری سیاسیی تێدا ڕەنگ بداتەوە.**

**٢. بەشێوەیەکی گشتی شیعری نەتەوەیی لەهاندان و جۆشدانی خەبات و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بەو بیرەی شاعیر بانگەشەی بۆ دەکات مەبەستەکەی بگەیەنێت ، کە بەردەوام ویستویەتی گەلەکەی بەرەو پێش بچێت و ناتەواوی و کەم و کوڕیەکانی نەتەوەکەی دەست نیشانکردووەو لەهەمان کاتیشدا ڕێگا چارەی بۆ دیاری کردوون.**

**٣. شاعیر ڕاست و ڕەوان مەزڵومیەتی گەلەکەی خۆی دەربڕیوەو بەو ڕادەیە دەربڕینی لەزامێکی قوڵی مرۆڤایەتی کردووە، کەچۆن دەیەوێت ئارەزوو ئاواتەکانی بهێنێتەدی و خەم و مەینەتیەکانی بەلاوە بنێت.**

**٤. خانی یەکەم کەسە لەسەر ئەمنی قەومی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان دوابێت.**

**٥. خانی زۆر بایەخی بەزمانی کوردی داوەو لەم بوارەشدا ئەسپی خۆی تاوداوە و کاری بۆکردووە بۆئەوەی نەتەوەکەی زمانی خۆیان فەرامۆش نەکەن و لەهەموو بوارەکانی ژیان بەکاری بهێنن.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**الملخص**

**(القومية واللغة والدولة عند أحمدي خاني) هوعنوان هذا البحث، تناول القومية وإنعكاساتها في الشعر خاني، ومن هذا المنطلق يبحث عن سيمات هذه الإنعكاسات، ويتكون البحث إضافة إلي المقدمة والخاتمة من محاور:**

**تناول البحث من الناحية النظرية والتطبيقية عن (القومية وخاني، وظهور الحس القومي من الجانب التأريخية، وظهور القومية في الأدبيات الكوردية، أهمية اللغة والدولة عند خاني)، وجئنا بالأمثلة الشعرية لتأييد الموضوع، وأهم النتائج التي توصلنا إليها من خلاله، التي هي عودة ظهور الفكر القومي في الشعر الكوردي إلي أحمدي خاني، لأنه ليس لدينا أي النص الشعري قبله تناول الفكر السياسي، وإهتم باللغة والدولة كي لا ينسي قومنا هذا الجانب.**

**الكلمة المفتاحية: القومية، اللغة، الدولة، السلطة، القيادي، خاني.**

## Abstract

(Nasionalism, language and state by Ahmadi Khany) is the tittle of the present study in which we tried to speak about nationalism and nation and their reflection in Khany's poems and from this respect the study deals with the facies of this reflection. Besides the preface and conclusions, the study onsists of main part and some other chapters .

The present study speaks theretically and practically about (nationalism, Khany, the emergence of nationalism sense historically, the emergence of nationalism in Kurdish literature and the importance of language and state by Ahmady Khany). At the same time, some poets are presented as examples for supporting the topics. The most prominent conclusions that the researche chieved are that the beginning of the emergence of nationalism in Kurdish poetry returns to Ahmay Khany, since we cannot find any other poets before which reflect poletical notion clearly. Moreover, Khany was very interested in language and the state inordr that his nations do not neglect these aspects .


Key words: Nation, language, the state, the power, the leader, Khany.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)